**تاهیر حەسەن**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی**

2004/12/27

ڕووالەتی مەسەلەکە وا دێتە پێش چاو کە ئێوە دەڵێن, بەهەرحاڵ کۆمەڵگای عێراق کە بەهەموو ستانداریێکی نێو نەتەوەیی ئەمڕۆ وولاتێکی مەدەنی ومۆدێرن بوو. کراوەتە وولاتێك کە هیچ جۆرە حکومەتێکی تێدا نیەو ئەنواع وئەشکال دەستەوتاقمی چەکداری ئیسلامی وچەتەو ئینسان کوژ و قەمە کێش لە جێگای خۆیان حکومەتن!, هیچ جۆرە قانوونێکی تێدا نیەو زۆری چەك وهەرەشەی کوشتن و تەقاندنەوە وئینسان دزین لەهەموو کوچەو کۆلانێك قانوونی سەرسەری خەڵکە. ئاو نیە, کارەبا نیە, ئەمنیەت نیە , کار نیە ,دکتۆرو دەرمان نیە, سبەینێ مەعلوم نیە, دڵنیایی لەگەمترین ئاستیدا ووجودی نیە!.لەیەك قسەدا دەوڵەت بە مانای فراوانی ووشەکە هەڵوەشاوەتەوەو بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی راوەستاوەو خەڵکی لەنێو سیناریۆیەکی مەترسیداری رەشدا شەوو رۆژ دەکەنەوە. لەو کاتەوە کە لەلایەن "جۆرج بووش" ەوە کۆتایی هاتنی جەنگ راکەیەنراوە تا ئێستا, زیاتر لە 100 هەزار ئینسانی مەدەنی بێ چەك گیانیان لە دەستداوە و هەموو رۆژێکیش پۆلێکی تر بەم لیستە زیاد دەبێت. لەلایەکی تریشەوە زیاتر لە 150 هەزار سەربازی ئەمریکایی وچەندین هەزاری تریش لە هاوپەیمانەکانی بە نوێترین تەکنۆلۆژیای سەربازی ئەم سەردەمەوە ئاسمان وزەوی عێراقیان داگیر کردووە . هەر ڕووداوێك ڕوویدات بەخێرایی دەگەنە سەری وناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەن وهەر شوێنێك کەمترین گومانیان لێ بێت بەمووشەك وێرانی دەکەن!.

بەراستی من دەپرسم وەزع لەمە ئاڵۆز تر, چۆنە؟!. خوا لەمە خراپتر لەکوێ ئەهێنێ.؟!. شیرازەی ئەم کۆمەڵگایە بەجۆرێك لەبەریەك هەڵوەشاوەو بەئەندازەیەك قورسایی لەسەرژیان وبیرکردنەوەی ئینسانەکان داناوە کە تەسەورکردنی وەزعیەتی دووساڵ لەمەوبەری عێراق سەختەو نیشانەیەك لە کۆمەڵگا خەریکە نامێنێتەوە !!.

رەنگە ئینسانێکی دڵسۆز بڵێ هەموو ئەوقسانە دروستن,بەڵام بەهەرحاڵ سەربەخۆ لەئیرادەی ئێمە ئێستا ئیتر ئەمە وەزعیەتی ژیانی خەڵکی عێراقەو دەبێ بەرەسمی بیناسین ولێرەوە بۆ رێگا چارەیەك بگەرێین .

منیش ئەوە درك دەکەم ناسینی واقعیەت بۆ هەر هێزێکی سیاسی مەرجێکی حەیاتی یە. بەڵام دوو جۆر ناسینی واقعیەت هەیە, یەکێکیان بۆ ئەوەی تەسلیمی بێت وملی پێ بدات , دووەمیان بۆ ئەوەی وەك ئەوەی پێویستە بیگۆرێت. من هەڵسوراوی ئەوەی دووەمیانم .

ئەگەر ئینسان لە ئاکامی ئەم جەنگەوە کە دەستەی راسترەوی فەرمانرەوای ئەمریکا بەدەر لەئیرادەی بەشەرییەتی ئازادیخوازی دنیاو تەواوی دەزگا نێو دەوڵەتیەکان بەسەر خەڵکی عێراقدا دایسەپاند, دەست پێ بکات وبیەوێ بۆ رێگای راست ودروست وئینسانی بۆدەرکێشانی خەڵکی عێراق لەم سیناریۆ رەشەی ئێستا بگەرێت, تووشی هەڵەی گەورە دەبێت!. ئەگەر کەسێك تەقاندنەوەی شوێنە مەدەنیەکانی وەك ماکدۆناڵز وپاسەکان وشوێنە گشتیەکانی ناوچەکانی ئیسرائیل لەلایەن حەماس وجیهادی ئیسلامیەوە سوورەتی مەسەلە وروانگەی بیرکردنەوەو هەڵوێستگیری بێت, دەبێت بەو ئاکامە بگات کە حکومەتەکەی شارۆن هەقیەتی دیواری هەڵاواردنی رەگەزی کەناری ڕۆژئاوای فەلەستین هەرچی بەرزترو بەرزتر بکات!, بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك رووخاندنی ماڵە فەلەستینیەکانی جنین ورام اللە لەلایەن تانکەکانی ئیسرائیلەوە سوورەتی مەسەلەو روانگەی بیرکردنوەو هەڵوێستگیری بێت, ئەوا دەبێت خۆتەقاندنەوەی لاوانی فەلەستینی لە ناوچە مەدەنیەکانی ئیسرائیل وەك بەشی هەرە زۆری میدیاکانی دنیای عەرەب وحکومەتە ئیسلامیەکان, بەچالاکی شۆرشگێرانەو بەرگری ناو زەد بکات!. نەناسینی مەسەلە پایەییەکانی پشتی ئەم رووداوانەو ئامانجێك کەئەو رووداوانە دەخوڵقێنێ وئاراستەیان دەکات, مەترسیەکی گەورەیەو نائاگا دەتخاتە نێو پشتیوانی لە بەرەیەکی جەنگەوە , کە ئەو کارەساتانە دەخوڵقێنێ. بەشی زۆری چەپی ئەوروپا تووشی هەمان ئەم دەردە بووە.لەژێر ناوی دژی ئەمریکایی بوون وداگیرکەر بوون وئیمپریالیزم بوونی ئەمریکادا, تەواوی کارە تیرۆریستیەکانی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا,کە بەرەیەکی سیناریۆی رەشی سەر سەری خەڵکی عێراقە, بە بەرگری شۆرشگێرانە ناو زەد دەکات و تەنانەت ماوەیەك پێش ئێستا پارەو پوولیان بۆ کۆدەکردەوە. هەر ئەم چەپە لەژێر هەمان ناوودا لەجەنگی ئەمریکا لەدژی دەسەڵاتەکەی تالیبان, کەوتنە بەرگری لە مشتێك مەلای باندی تلیاك فرۆش!!.

ئامانجی ئەمریکا لەم جەنگەدا کە بەنارەوا خەڵکی ماندووی عێراقی راپێچ کردە نێوی, هەمان ئامانجێکە کەلەجەنگی یەکەمی کەنداوی ساڵی 1991 دا بەشوێنیەوە بوو. واتە شکڵدان بەنەزمێکی نوێ لە دنیادا کەلەسەر بناغەی زلهێزی تاقانەی ئەمریکا بەسەر دنیای سەرمایەداری دوای جەنگی ساردا پێناسە کرابێ. بەڵام ئەم ئامانجە لەدوای رووداوی 11ی سێپتەمبەرەوە ئارایشێکی تری لە نێو هاوکێشە سیاسیە جیهانیەکاندا بەخۆوە گرت. تا پێش 11 ی سێبتمبر جێگاو ڕێگای سیاسی ئەمریکا لەنێو هاوکێشە سیاسیە جیهانیەکاندا بەتووندی هاتبوە خوارەوە. چەندین جار دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا بەزۆری بەکارهێنانی ڤیتۆ لەئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی توانی بەر بە هەڵنەگرتنی ئابلۆقەی ئابووری سەر خەڵکی عێراق کە زیاتر لە 1,5 ملیۆن ئینسان تیایدا بوونە قوربانی, بگرێ!. چەندین زلهێزی گەورەی وەك ئەوروپای یەکگرتوو, چین ,ژاپۆن ,ڕووسیا , فەرەنساو ئەڵمانیا . کە لەدوای شکستی بلۆکی رۆژهەڵات ولە جەنگی یەکەمی کەنداودا سەروەری ئەمریکایان قبووڵ کردبوو, هاتبوونە مەیدان و داوای بەشی خۆیان لە پێناسەکردنەوەی دنیای هاوچەرخی سەرمایەداری دوای جەنگی سارد دەکرد. بەڵام ڕووداوی 11 ی سێبتەمبەر ئیستیراتیژی ئەمریکای لە بنبەست دەرهێناو کارتێکی مۆرکراوی دایە دەستی دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا کە دووبارە ملهوری سەربازی خۆی کە زلهێزی ئەمریکای لەسەر پێناسەکراوەو جێگایەکی بەرجەستەی لە بیرکردنەوەو ئیستیراتیژیدا هەیە, بێنێتەوە گۆرێ و هێزە سەربازیەکانی بۆ هەر جێگایەکی دنیا کە دەیەوێ ببات. رووداوی 11 ی سێبتەمبەر دنیای بردە نێو جەنگی دووبەرەی گەورەی تیرۆیستی جیهانیەوە, ئەمریکا لەلایەك و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی

ترەوە. ئەوەی کە لەعێراقدا ئێستا ڕوو دەدات ئاکامی جەنگی ئەم دووبەرە تیرۆریستیەیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئەمریکا لەم جەنگەدا کە ناوی جەنگی دژە تیرۆری لەسەر داناوە, مەبەستی لەبەینبردنی ئیسلامی سیاسی نیە بەمانای فراوانی بزووتنەوەکە. لەروانگەی ئەمریکاوە ئەو بەشە لە ئیسلامی سیاسی لە خانەی تیرۆریستدان کە ئامادەنین زلهێزی ئەمریکا قبوولٚ بکەن وداوای بەشی خۆیان لەدەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداری ئەم سەردەمەدا دەکەن. دەسەڵاتدارانی کەنداو ئەفغانستان وپاکستان وسیستانیەکان و حەکیمەکانی عێراق دۆستی هەمیشەیی ئەمریکاو میوانی ئازیزی کۆشکی سپین. ئەوەی کە بەشەرییەتی ئازادیخوازی ئەم وولاٚتانە لەژێر دەسەڵاتە ئیسلامیەکانی وولاٚتانی شەرقدا لە چ بیٚ مافیەکدا دەژین,بۆ ئەمریکا هیچ بایەخێکی نیەو تەنانەت وەك سوونئەت وعورف وعادەت و کەلتووری خەڵك دەیناسێنن وپارێزگاری لەمانەوەیان دەکەن. گرنگ ئەوەیە ئەمریکاو قازانج وبەرژەوەندیەکانی لە دنیادا پارێزراوو دەست لێنەدراو بێت. دوای دەورەی دووەمی هەڵبژاردنەوەی جۆرج بووش لەیەکەم راگەیاندنیدا ووتی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا دەبێت هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەباشدا بن وپێش وەخت بچنە سەر تیرۆریستان ولەناویان بەرن, بۆ ئەوەی ناچار نەبین لە خاکی ئەمریکادا رووبەروویان بینەوە !. ئەوەی کە بۆ ئەم ئامانجە کۆمەڵگایەکی 25 ملیۆنی وەك عێراق چی بەسەر دێت, گرنگ نیەو دەکریٚ قووربانیانی هەڵمەتی پرۆسەی دیموکراسی بن!!.

جەنگی ئەمریکا لەدژی خەڵکی عێراق وئاکامێك کە تا ئێستا لەسەر ژیانی خەڵکی عێراق وناوچەکە بەجێی هێشتووە, هەر لەم چوارچێوەیەدا قابیلی لێکدانەوەیەو بەئەندازەی تاڵە دەزوویەك پەیوەندی بەچەکی کۆکوژ و دیکتاتۆربوونی سەدام حسێن وڕژێمەکەیەوە نیە, هەر وەك چۆن جەنگی ئەفغانستانیش پەیوەندی بە گرتنی بن لادن و بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی رووداوی 11ی سێبتەمبەرەوە نیە. ئەم جەنگانە بۆ بەچۆك داهێنانی بن لادن وسەدام حسێن و بەشار ئەسەد و زۆرێك لەوولاٚتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست نیە , ئەوانە لەدنیای واقعی سەرمایەداریدا هێز نین وهیچیان بەدەست نیە, ئەمانە تەنیا قوربانیانی بۆمبابارانێکن کە رەسەدەکەی رووی لەوان نیە. بەڵکو رووی لە ئەورووپای یەکگرتوو و فرنساو ئەڵمانیا و چین وڕووسیا وژاپۆنە تا ناچار بکرێن زلهێزی ئەمریکا قبوولٚ بکەن. هەر هێز ودەوڵەتێك لە جەنگی ئەمریکادا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی کە ئیستیراتیژی ئەمرۆی ئەمریکایە بۆ داسەپاندنی زلهێزی خۆی بەسەر نەیارانیدا نەبێت, ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتن بەدەست بهێنیٚ,درەنگ یان زوو بەوێنەی تیرۆریست دەکەوێتە نێو نیشانەی چەکەکانی ئەمریکاوە.

هەڵوێستی ئێمە کەدەڵێین دەبیٚ هێزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بچنە دەرەوەی عێراق, تەنیا لەو هەڵوێستە کلاسێك وئسوڵیە دژی ئیمپریالیزمەی چەپ وهێزە پێشکەوتووخوازەکانی دنیای دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە, نەهاتووە. چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراق لەلایەکەوە راستەوخۆ دەرکێشانی بەرەیەکی تیرۆریستی قانوونی ونێودەوڵەتی پڕ چەکە لەململانیٚ و جەنگێکی تیرۆریستیداو هاوکات بەبنبەست کێشانی زەمینەو ئاسۆی گەشەی بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیشە لەلایەکی ترەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق بچنە دەرەوەو کۆتایی بە داگیرکاری عێراق بێت, نەك هەر تیرۆریزمی ئیسلامی بەهێز نابێت, بەڵکو لەمەیدانێکی گەورەی سیاسیدا بەتووندی لاواز دەبێت وئیستیراتیژی خۆبەرهەمهێنانەوەی لانی کەم لە عێراقدا لەدەست دەدات. مەیدانی دووەم بردنەسەری ئاستی مەعیشەت وژیانی خەڵکە, کە ئێستا بەهۆی بێکاری وبێنانی یەوە, هەزاران لاو دەخاتە تۆڕی ئیسلامی سیاسیەوە. دەسەڵاتەکەی شارۆن و حەماس وجیهادی ئیسلامی ئیستیراتیژی خۆبەرهەمهێناوە بەیەکتری دەدەن. دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا دەبێت هێزێك لە بەرامبەر خۆیدا پێناسە بکات,تا بواری پێبدات زلهێزی وملهوری سەربازی لە دنیادا بەرێوەبەریٚ.

ئەگەر مانەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری هێزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە عێراقدا بەکردەوە نیشانەیەکی هەرچەند بچوکیش بێت لەباشبوونی وەزعیەتی ژیانی خەڵکی نیشان بدایە, رەنگە سەرباری ئەو ئامانجانەی ئەمریکا کە لەسەرەوە باسم کرد , ئینسان بە خاتری وێران نەبوونی زیاتری کۆمەڵگاو دوور خستنەوەی باندی تیرۆریستی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگا ناچار بوایە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەنێوان خراپ وخراپتردا خراپ هەڵبژێریٚ. بەڵام هاوکێشەکە بەتەواوی بە پێچەوانەوەیە . هەر رۆژێك لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لە عێراقدا تێدەپەڕیٚ , نەك هەر نیشانەیەك لە باشبوونی ژیانی خەڵك دیارنیە, بەڵکو هەتا دێت شیرازەی کۆمەڵگا زیاتر لەبەریەك هەڵدەوەشیٚ !. یەك ساڵ و نیوی رابردوو چ لەژیانی ئەسەفباری خەڵك و چ لە ژیانی تەنانەت سەربازانی ئەم وولاٚتانە, ئێستا ئیتر ئەوەی کردووەتە بەڵگە نەویست کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سەرچاوەی نائەمنی و گەشەو پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسین و دەبیٚ بچنە دەرەوە. ئەوەی کە کیٚ لەدوای رۆیشتنی ئەوان کۆمەڵگا رێك دەخات وبەر بەوە دەگریٚ ئیسلامی سیاسی ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا ماوەتەوە وێرانی نەکەن , بەستراوەتەوە بەو هێزە کۆمەڵایەتیەوە کە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ناچار بە چوونە دەرەوە دەکات.

ئەوە ئاشکرایە کە هێزەکانی ئەمریکا بەو ئامانجە جیهانیەوە کە ووتم بەئاسانی عێراق بەجیٚ ناهێڵن وناچنە دەرەوە, چونکە شکستی هەر پرۆژەیەکی ئەمریکا وەك سەرکەوتنەکەی ئاستێکی جیهانی هەیە. شکستێکی سیاسی وسەربازی ئاوها کە ئێستا رەوەندەکەی بەکردەوە دەستی پیٚ کردووە, هاوکێشە سیاسیەکان وهاوسەنگی هێز لە دنیادا بە زەرەری ئەمریکا دەگۆریٚ.

ناچار کردنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە چوونە دەرەوە لە عێراق, تەنیا مەیدانێکی سەربازی نیە, تا چاودێرێك لەسەر تەکنۆلۆژیای سەربازی هەردوو بەرەکە قەزاوەت بکات و سەرکەوتنی بەڵگە نەویست بدات لەیەخەی هێزەکانی ئەمریکا. خواستی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی خواستێکی ملیۆنی خەڵکی عێراق وتەنانەت بەشەرییەتی ئازادیخوازی دنیایە , ئەم خواستە دەبیٚ وەك بزووتنەوەیەکی عەزیمی کۆمەڵایەتی جیهانی بێتەمەیدان , دروست وەك بزووتنەوەی دژی هەڵاواردنی رەگەزی ئەفریقای جنوبی , یان وەك بزووتنەوەی دژی داگیرکاری ڤیتنام کە هێزەکانی ئەمریکای ناچار بە پاشەکشە کرد. زەمینەی شکڵگرتنی ئاوها بزووتنەوەیەك و پشتیوانی خێرای ئازادیخوازانی دنیا

**لەچاو قەڕنی پێشوودا قابیلی بەراوورد نیە. بەڵام ئەوەی کە تائێستا تەنیا سەرەتایەك لەم بزووتنەوەیە دیارە, ئەوەیە کە جەنگی تیرۆریزمی ئیسلامی وئەمریکا تەواوی کۆمەڵگای بە توونـدی تەنگە نەفەس کـردووەو خەریکە ڕێگاکـان بەرووی دەخاڵـەتی خـەڵك لەچارەنووسـی خۆیانـدا بـە تـەواوی دادەخات. بۆیە یەکەمین هەنگاو لەراستای هەر ڕێگاچارەیەکی ئینسانی و واقعیدا بە ناچار چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو کۆتایی هێنان بە داگیرکاری عێراق دەست پیٚ دەکات.**

**بەرێکەوتنی بزووتنەوەی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق وگێرانەوەی ئیرادە بۆ خەڵکی عێراق دەتوانیٚ سەرەکی ترین هەنگاو بێت لەراستای دەرکێشانی کۆمەڵگا لەم گێژاوەی ئێستا . ئەو هێزە عەزیمە جەماوەریەی کە هێزەکانی ئەمریکا ناچار بە چوونە دەرەوە دەکات, هەر ئەو هێزە دەتوانیٚ دەستی ئیسلامی سیاسیش ببەستێت.**

**تا ئەو جێگایەی بە ئێمە وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەگەرێتەوە ئێمە بەرنامەی خۆمان بۆ سازدانەوەی مەدەنیەت لە عێراقدا هەیە وسەربباری فشارو مەحدودیاتی فراوانی ئەمنی بۆ خەڵك , چەند هەنگاوێکی سەرەتایی چووینەتە پێشەوە. بەستنی کۆنگرەی گێرانەوەی مەدەنیەت لە شاری بەغداد وپێشوازی تارادەیەك فراوانی ئەحزاب وریکخراوەجەماوەریەکان ئەو واقعیەتە دەسەلمێنیٚ کە ئەگەر جەنگ و کوشتارو نائەمنی وهەرەشە بوار بە هەڵکێشانی هەناسە بەخەڵکی بدات , دەتوانن کۆمەڵگا لەدوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەدەست بگرن.**

**لەگەڵ چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا , دەبیٚ هێزێکی نێو دەوڵەتی کە هاوپەیمانی ئەمریکا نەبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا ئەنجامدانی ئەڵبژادن وپێکهێنانەوە دەوڵەت بێنە عێراق. پاشان هەیئەتێك لە نوێنەرانی ئەحزاب وریکخراوە جەماوەریەکان وخەڵك لەکۆنگرەیەکی نوێنەرایەتی خەڵك وهێزە سیاسیەکاندا دیاری بکرێت و بۆ ماوەیەکی کاتی کاروباری وولآت بگرێتە دەست و رابگەیەنیٚ:**

1 / **وولآتی عێراق وولآتی دانیشتوانەکەیەتی و هیچ ناسنامەیەکی قەومی ودینی نیە.**

2 / **ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی وخۆپیشاندان ومانگرتن و بیرورا و حیزبایەتی.**

3 / **جیایی دین لە دەوڵەت.**

4 / **دانی بیمەی بێکاری بۆ هەر کەسێکی بێکار.**

5 / **بەرەسمی ناسینی ماف خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا.**

**پاشان ماوەیەکی شەش مانگی بۆ تەبلیغات وراگەیاندنی حزبەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان و خەڵك دیاری بکریٚ کە سیاسەت وبەرنامەی خۆیان لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا بە خەڵك رابگەیەنن وتەواوی ئیمکاناتی راگەیاندن وەك یەك بخرێتە ئیختیاری هەموو لایەك. دوای ئەم ماوەیە هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لەژێر چاودێری ئۆرگانی نێو دەوڵەتیدا بەرێوە بچێت وحکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك پێك بێت.**